www.kurdistannet.org
13-2-2006 16:13بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# چایخانەی مەچکۆی کەمال بەرزنجی ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com



لەدوانووسینی لە سایتی دەنگەکان کەمالی سەید قادر هەولێری زۆر بچووك كردۆتەوە لە چایخانەی مەچکۆ، منارەی پیرۆزیشی لە چەند ئاسنە دینارێك کۆکردۆتەوە، ئەو بەڕێزە بی ئەوەی هەست بکات نەستی هەولێرنشینانی بریندار کرد.

ئەو کە دادوەر بە قەساب و کاری حکومەت بە دۆمینەو قومار و جەماوەری کوردستان بە یاریکەری دۆمینە ناودەبات پێموایە ئەو نزیك بوونەوەی بەخشینەی حکومەت کە بڕیاروایە بۆی بدات لەدەست دەدات، ئاخر ئەو نووسینەی بەسە بۆ ئەوەی داوایەکی تری یاسایی لەسەر بەرزبکرێتەوە.

نازانم بۆ دەبێت بەڕێز کەمال بەرزنجی کەهەڵگری بەکالۆریوسە لەیاسا، ئەو بلۆقە نایاساییانە دەدات و ئاوەها خراپ لە ئازادی بیروڕا گەیشتووە، ئەو تەنها شت لەو نووسینانەی سوودی بۆی هەبووە ناوبانگییە.

لەو نووسینەی کە سەرەتاکەی بە دان بەهەڵەکانی دەست پی دەکات کاتێك دەبێژێت ((چایخانەی مەچکۆش جگەلەوەی کەوا بەمێزو کورسییە کۆنەکانی سەردەمی بی گوناهیو دڵپاکیمان دێنێتەوە یاد)) بە پیرێژنێك کۆتایی پی دێنێت کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات داڵدەی بدات لەکاتی ئازادکردنی لەلایەن خۆنیشاندەرانی دژی دەسەڵات.

ئەو لەهەر نووسینێکی بی ئەوەی هەست بکات، مۆدێرنیەتی دەسەڵاتی هەولێر نیشاندەدات. ئاخر کە دەزگایەکی فەرمی ئاسایش بە زۆرە ملی ناودەبات ئەگەر وابێت چۆن دەبێت دەزگای سەرکوتکار لێدەگەڕێت نووسینێك کە دژی وان بێت و جنێویان پێبدات لە ئەنتەرنێت کە هەموو کەس دەتوانی بیخوێنێتەوە بڵاوبکاتەوە.

سەیر لەوەبوو کە ئەو نووسینەی لە کوردستان پۆست بڵاونەکرایەوە، ئاخر لەسەروبەندی گرتنیدا ئەو سایتە ببوە پارێزەری نێودەوڵەتی و ووتەبێژی فەرمی جنێوەکانی.